Iraq Education Cluster

# الرجوع الى المدرسة



## هەڵسەنگاندنی گشتی:

بە بۆنەی نزیك بوونەوەی ساڵی نویٚ ی خوێندن دەستەی پەروەردە کۆمەڵێك چارەسەر بۆ کێشەکانی پەروەردە دەستنیشان کرد  بۆ ئەوەی منداڵان بتوانن بگەنە قوتابخانە و بەردەوام بن لە خوێندن:

- نەبوونی توانای پێویست بۆ وەرگرتنی منداڵان لە قوتابخانە.قوتابیەئاوارە سوریەکان دەبێت بەشداربن لە خوێندن بەپیٚ ی سیستەمی هەرێمی کوردستان و بە زمانی عەرەبی. هەروەها قوتابیە ئاوارەکانی ناوەراست و خوارووی عێراق تەپێویستە لەسەر نوێترین سیستەمی خوێندنی وەزارەتی فیدراڵ بە زمانی عەرەبی بخوێنن.
- کەمی لەپێداویستییەکانی  قوتابخانە،کەل و پەل، مامۆستای مەشقپێکراو.
- نەبوونی قوتابخانەی دواناوەندی بۆ منداڵانی ئاوارەی ناوخۆیی.
- نەبوونی قوتابخانەی پێویست بە زمانی عەرەبی لە هەرێمی کوردستان.
- نەبونی بودجەی پێویست بۆ مامۆستایانی ئاوارەی ناوخۆیی، لەکاتێکدا توانای موچە پێدانی هەموو مامۆستایانی ئاوارەی سووری نی یە,ئەمەش وای کردووە  کەمی مامۆستا دروست ببێت.
- زۆرێك لە خێزانەکان زانیاری پێویستیان نی یە کە چۆن بتوانن بەهانای منداڵەکانیانەوە  بێن بۆ ئەوەی  دەستیان بە خوێندن بگات.

## بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدەمانەوێ ئەوە بگەیەنینە هاوبەشەکانمان (شرکاء) بۆ گەیاندنی هاوکاری و کاردانەوەی پێویست بۆ ئەوەی منداڵەکان بێبەش نەبن لەم ساڵەی خوێندن.

### بە شێوەیەکی کورت:

- دەبێت وەزارەتی پەروەردە  پلان و نەخشە ئەو شوێنانە بنێرێت کە قوتابخانەو خوێندنی تێدایە بۆ ئەوەی رێژەی ئەو شوێنانە دیاریبکرێت تاکو  یارمەتی ئەولایەنانە بدرێت کە کاری مرۆیی دەکەن  بەوەی فریاگوزاری لەپێشدا دابین بکەن بۆ قوتابخانەکان.
- دەبێت زیاتر چالاکتربن لە بواری پەروەردە و خوێندن (پرۆگرامی خوێندنی نافەرمی بۆ نموونە، خوێندنی خێرا)، کاری باشترو خێراتر بکرێت بە ماوەیەکی کورت.
- کارکردنی خێراتر بۆ گۆرینی خوێندنی نافەرمی بۆ فەرمی بۆ ئەوەی قوتابیان بتوانن بگەنەوە بە خوێندنی فەرمی,باشتریش وایە کە ئەم کارە لەرێگای دەزگایەکی دیارەوە ئەنجام بدرێت.
- ئەو  قوتابیانەی  بروانامەی باخچەی ساوایانیان نی یەرێگەیان پێبدرێت  بەشداری خوێند نی سەرەتایی بکەن، وە قوتابیانی قوتابخانەی نافەرمی لە قوتابخانە فەرمییەکاندا تاقیکردنەوەکان ئەنجام بدەن.
- دانانی پلانێکی دارێژراو/کت وپر لەسەر ئاستی حکومەت بە زووترین کات بۆ هاتنی لێشاوی لەناکاو، وە هەر پێداویستیەکی خوێندن.
- پەیرەوکردنی رێنماییەکانی رێبەری جیهانی بۆ پەروەردەکردن لە کاتی پێویست  (INEE) و سوود وەرگرتن لە ستانداردەکانی.

### بۆ حکوومەتی عێراق، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەر وەزارەتێك پەیوەستە  بە خوێندن بەزووترین کات:

حکومەتی هەرێمی کوردستان بریارێکی دەرکرد بۆ کە منداڵانی ئاوارەی سوری بەشداریپێبکا لە قوتابخانەکانی هەرێم لە قۆناغی ١-٣، پێویستە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم ماوەی وەرگرتنیان درێژبکاتەوە تاکو مانگی ئەیلول بۆ ئەوەی تەواوی خەلکەکە ئاگاداری ئەو بریارە نوێیە ببن.

وەزارەتی پەروەردەی بەغدا و وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دەبێت رێگە بە هەندێك کاری نافەرمی بدەن کە چونی قوتابخانە ئاسان دەکەن. وەك: رێگەپێدانی ئەو منداڵە ئاوارانەی تەمەنیان ناشێت بۆ قوتابخانە بەشداربن لە قوتابخانە ئەگەر دۆکیومینتیشیان نەبێت دۆکیومێنتی تازەیان بۆبکرێت.

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ راوێژکارانیدا کۆ ببێتەوە و بەڵێنی ئەوە بدات کۆمەڵێك  مامۆستا ئامادە بکات و تاقیکردنەوە بە قوتابیەکان بکات لەوەرزی هاویندا بۆ ئەوەی لەوەرزی داهاتوی خوێندن بەشداربن. هەر زانیاریەکیش لەوبارەیەوە بگەیەنریٚ بەتەواوی دانیشتوان.

پێویستە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردوام بن لەکاری مرۆیی و دروستکردنی قوتابخانەی زیاترلە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ جێکردنەوەی قوتابیانی زیادبوو، ئەوەش بە پیٚ ی زمان و پرۆگرامی خوێندنی پێویست.

دەبێت وەزارەتی پەروەردە دڵنیایی ئەوە بدات کە لەکاتی ناونووسین و وەرگرتنی منداڵەکان لە قوتابخانە، هەر قوتابیەك شوێنی نەبوو لە قوتابخانەیەك دەبێت لە قوتابخانەیەکی تر ناونووس بکرێت بێئەوەی کێشەی هاتوچۆی بۆ دروست بێت.

حکومەتی فیدراڵ  دڵنیایی کات و دابەشبوونی مامۆستاو پێداویستی قوتابخانە بدات لە رێگای لایەنە هاوبەشەکانی بواری پەروەردە.وا باشترە کەسێکی دیاریکراو هەبێت لەپەیوەندی  دابێت لەگەڵ حکومەت و لایەنی هاوبەش.

وەزارەتی پەروەردەی بەغدا و وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی یەکتر لە پەیوەندی دابن لەگەڵ سەنتەری پەیوەندییەکانی ئاوارەی ناوخۆی وڵات (نازحین) بۆ ئاگاداربوون لەو زانیاریانەی کە رێگە بە منداڵ دەدات بەردەوام بن لەخوێندن، وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

پێویستە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیایی بدەن کە هەموو مامۆستایانی ئاوارەی ناوخۆی وڵات مووچەیان لە سەر حکومەتە و بە شێوەیەکی رێکیش پێیان دەدرێت لە کاتی خۆیدا.

دڵنیایی تەواو لەگەیاندنی خوێندن  بە منداڵانی بێ سەرپەرشت و خاوەن پێداویستی تایبەت.








## داواكارييەكان:

### بۆ لايەنە بەخشەرەكان :(DONOR)

### بەشێوەی خێرا:

- داواكاری تەواو بۆ دابینكردنی پارە  بۆ  خوێندن لەكاتی كاردانەوەی مرۆیی.
- زیادكردنی پێداویستی باش بۆ خوێندن و كەل و پەلی زیاتر.
- لەگەڵ ئەم شەرەی عێراق، بەشەپارەی خوێندن زیاتربكرێت بۆ بەرەو پێشچوونی زیاتری  عێراق.
- پێدانی وانەی یارمەتی دەروونی لەلایەن مامۆستایانی مەشقپێكراو تاكو منداڵان لەژینگەیەكی گونجاو و ئارام بخوێنن.
- پێویستە بەخشەرەكان زیاتر گرنگی بە خوێندنی دواناوەندی بدەن  كە لە ئێستادا كەمی پێوە دیارە. دەبێت خوێندنی دواناوەندی لە پێشەوەی پێویستییەكان بێت.نەبوونی قۆناغی دواناوەندی وا لەمنداڵ دەكات كە فەرامۆش بكرێت و نەتوانێت بگات بەو ئاواتانەی هەیەتی.
- دیاریكردنی توانای وەزارەتی پەروەردەی بەغدا و وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستان,پێویستە لەسەر بەخشەرەكان كە هاوكارییەكانیان بەپێ ی پێویست بنێرن بۆ ئەوەی رێكخراوە ناحكومیەكان بتوانن یارمەتی حكومەت بدەن و دەرماڵەی مامۆستایانی ئاوارەی ناوخۆی ولاتی پێ بدەن.
- دابینكردنی برێك پارە بۆ گەیاندنی خوێندن  بە منداڵانی بێ سەرپەرشت و خاوەن پێداویستی تایبەت..

### لایەنەهاوبەشەكانی كاری مرۆیی (HUMANITARIAN PARTNERS)

### بەشێوەی خێرا:

- دامەزراندنی سەنتەری نوێ بۆ پەیوەندییەكانی ئاوارە ناوخۆیەكانی وڵات و نوێكردنەوەی زانیارەكان لەسەر ئەو شوێنانەی قوتابخانەی تێدایە، ئەوەش بە هاوكاری حكومەتی عێراق/وەزارەتی پەروەردە دەبێت.
- دڵنیابوون لەوەی قوتابخانە نا فەرمییەكان/خێمەكان پلانیان هەیە بۆ گۆرینی خوێندنی نافەرمی بۆ خوێندنی فەرمی بە پەیوەندیكردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە.
- پێدانی خزمەتگوزاری لەپێداشدا بۆ خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی بۆ دڵنیاكردنی خوێندنی سەرەتایی.
- دابینكردنی خوێندن  بۆ منداڵانی بێ سەرپەرشت و خاوەن پێداویستی تایبەت.

### بەشێوەی كورت:

- دابین كردنی خویندنی كوردی بۆ منداڵی خوار تەمەنی خوێندن (خوار شەش ساڵان) بۆ ئەوەی منداڵان بتوانن لە قوتابخانەی كوردی بخوێنن.
- دڵنیابوون لە دابینكردنی خوێندن لەو شوێنانەی پێویستیان بەفریاگوزاری لەناكاوە، لەرێگەی یەكە گەرۆكەكانی خوێندن.
- ئاگەداربوون لەو ستانداردانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێكراوە لەلایەن حكومەتەوە بۆ دڵنیا بوون لە چۆنیەتی دابینكردنی خزمەتگوزارییەكانی خوێندن بۆ هەموو سودمەندبووەكان، وە یەكسانی لە دابەشبوونی دەرماڵەی مامۆستایان.
- پەیرەوكردنی رێنماییەكانی ڕێبەری جیهانی بۆ پەروەردەكردن لە كاتی پێویست (INEE) و سوودوەرگرتن لە ستانداردەكانی.